# ژینگە

ئامادەکاردنی
محمد عبدالفتاح

بەسەرپەرشتی
م رێباز لوقمان

# ژینگەچیە Environment:

بریتییە لەو ناوەندە سروشتییە هاوسەنگەی کە زیندە بوونەواران بە هاوسەنگی تێیدا دەژین، پێک دێت لە کۆمەڵێک هۆکار و گۆڕانکاری کیمیایی و فیزیایی و بایۆلۆجی لە چوارچێوەی جوگرافیای بوونەوەراندا کە تێیدا دەژین.



# پۆلێنکردنی ژینگە:

## لە پۆلێنی گشتیدا ژینگە دابەش دەبێ بۆ دوو بە:

### ژینگەی سروشتی:

ئەو ناوەندەیە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی سادە تێیدا دەژی، سوود لە سەرجەم ئەو پێکهاتانە وەردەگریت کە سروشت بۆی دابین کردووە و ژینگە بە سووڕی ئاسایی خۆیدا دەڕوات لە پاراستن و ئاڵوگۆڕی سروشتیدا، بە شیکردنەوەی پاشماوەکان بۆ توخم و ماددە سەرەتاییەکان بەمەش جارێکی تر یەکەی بەرهەمهێنان سوودی لێ وەردەگیریت بۆ دووبارە دروستکردنەوەی خۆراک.

## ژینگەی دەستکرد :

پاش ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤایەتی بە خۆوەی بینی بە جۆرێک کە چەندەها شاری گەورە و کارگەی زەبەلاح و سووتاندنی ملیۆنەها بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا و دەرهێنانی هەزاران تەن کانزای ژێر زەوی و بڕینەوەی هەزاران هێکتار زەوی دارستان، لە (دەرئەنجامی ئەمانە دروست بوو(ژینگەی دەستکرد



# پێشکەوتنی مرۆڤایەتی مەترسی خستە سەر ژینگە:

پێشکەوتنی مرۆڤایەتی مەترسی خستە سەر ژینگە، ژینگە نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە مرۆڤ لە ماوەی ئەم چەن سەدەیەی دواییدا دروستی کرد، داهێنانەکانی مرۆڤ بوونە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و پلەی گەرما و پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکان و بڕینەوەی دارستانە گەورەکانی جیهان، ئەمە و هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ بەکارهێنان و دەرهێنانی کانزاکان هاوسەنگی ژینگەی شێواند و سروشتی زەوی گۆڕی بۆ ژینگەیەك کە دەستکردی مرۆڤ

# توێژینەوەولێکۆڵینەوە:

توێژینەوەولێکۆڵینەوە لەسەر ژینگە واتە لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەم شتە هەمە چەشنانە نمونەیەک لە کارو کاردانەوە پەیوەندی نێوان بێگیان و گیاندار بریتیەلە ڕوەک کاتێک کانزاو مادەکان لە زەوی وەردەگرێت و لەڕێگای تیشکی خۆرەوە خۆراک بۆخۆی دروست دەکات ئەو شتانەش لەژینگەی سروشتی دا هەن لای ئێمە نرخ و بەهایان هەیە پێیان دەوترێ سەرچاوە سروشتیەکان وەک و ماسی و مێروەکان و دارستانەکان ئەمانە سەرچاوەیەکن کە دەتوانن نوێ ببنەوە چونکە کاتێ بەکاریان دەهێنین بەسروشتی جارێکی تر سەرهەڵدەدەنەوە و دروست دەبنەوە ئەو سەرچاوانەی کە نوێ دەبنەوە گرینگیەکی زۆریان لە ژینگەدا هەیە چونکە سنوردارن بۆنمونە کانزای خاو سوتەمەنی بەردین

# چۆن ژینگە بپارێزین:

پاراستنی ژینگە بریتیە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا دەوروبەرەکەی و مێژویەکی کۆنی هەیە سوقراتی فەیلەسوفی یۆنانی وتارێکی لەژێر ناونیشانی لەهەواو ئاو شوێنەکان لەسەدەی پێنجی پێش زاین نوسیوە کەئەم وتارە بەیەکەم بیرۆکەی پاراستن و پشتگیری کردن لە ژینگە دادەنرێت هەروەها گرینگیدان بەژینگەی ئاوهەوا بایەخێکی سەرەکی هەبووە لەنوسینەکانی فەیلە سوفی فەرەنسی مۆنتیسیکۆ

# ژینگە پارێز کێیە:

ژینگە پارێزی ئەوکەسانەن بەهۆی خۆشەویستیانەوە بۆ ژینگە بەگشتی ژینگەی وڵاتەکەیان بەتایبەی هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی لەپاراستنی ژینگەو هەروەها لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا کار دەکەن بۆ ئەوەی ڕێنمای ئەو هەنگاوانە بخەنە ڕوو کەدەبێت تاکی کۆمەڵگا لەچالاکیەکانی ڕۆژانەیاندا پابەندبن پێیانەوە بۆئەوەی ژینگەی کۆمەڵگاکەی بپارێزێت و پیسی نەکات

